# ئاسان، بەڵام گرنگ

* هەندێ مێرووی ژەهــراوی بەدرێژایی تەمەنیان بەمرۆڤەوە دەدەن، دواجار خۆیان دەگەزنو خۆیان دەکوژن.
* مرۆڤ تاکە گیاندارە کە لەکاتی لەدایکبوونیدا دەگریو هاوار دەکات، بەچکەی ســەرجەم گیاندارەکانی تر بەبێدەنگی لەسکی دایکیان دێنە دەرەوە.
* مریشــک لەماوەی تەمەنیدا ٣٠٠ بۆ ٥٠٠ هێلکە دەکاتو هەندێ جار تەمەنی دەگاتە چواردە ساڵ.
* تەمەنی نەعامە دەگاتە ٧٥ ســاڵو تا تەمەنی پەنجا ساڵی توانای زیادکردنی هەیە.
* لێکۆڵینەوە زانســتییەکان دەریانخستووە کە دوکەڵی جگەرە زیاتر لە ٢٠٠ مادەی کیمیاوی زیانبەخشــی تێدایە، لەوانە ٤٣ جۆریان دەبنە مایەی دروستبوونی شێرپەنجە.
* ســاڵی ١٨٩٤ لەویلایەتە یەکگرتووەکانــی ئەمەریکا بەتەنها چوار ئۆتۆمبێل هەبووە.
* مرۆڤ کە لەدایک دەبێت ٣٠٠ پارچە ئێســک لەلەشیدایە، بەڵام تا تەمەنی پێگەیشتن کەم دەبنەوە بۆ ٢٠٦ پارچە.
* لەوڵاتی چین زیاتر لەپەنجا هەزار رووبار هەیە.
* تەماتە بەناوبانگترین جۆری میوەیەو لەجیهاندا لەهەموو میوەکانی تر زیاتری لێدەفرۆشرێت، بەدوای ئەویشدا مۆز دێت.
* هێماو رووناکی هاتووچۆ لەپێش داهێنانی ئۆتۆمبێلەوە هەیە.
* لەجیهانــدا زیاتر لــە٢٧٠٠ جۆر زمان هەیە، بەشــی هەرە زۆریان دەکەونە کیشوەری ئاسیاوە.
* قەبارەی دڵی نەهەنگی شین لەقەبارەی ئۆتۆمبێلێک زیاترەو درێژی زمانیشی پێنج مەترە.
* ئاو ٩٠٪ی خوێنی مرۆڤ پێک دەهێنێتو ئێســکیش بەرێژەی ٢٢٪ ئاوی تێدایە.



# ئەوانەی ئالودەی کۆمپیوتەرن



بۆ ئەوانــەی ئالوودەی کۆمپیوتــەرو ئینتەرنێت بوونو بــواری ئەوەیان نییە لەشــوێنەکەی خۆیان بجولێن، لەمەودوا ســاردەمەنییەکان دەچێتە تەنیشتیانەوە.
لەم رووەوە یەکێک لەکۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی بواری کەلوپەلی ئەلکترۆنی جۆرێکی نوێی لەبەفرگر «ســەلاجە» دروســت کردووە کە جێگەی یەک پێپسی دەبێتەوە.
ئەم بەفرگرە لەرێی (USB)یەوە بەکۆمپیوتەرەوە دەبەســترێتو بەپێنج ڤۆڵت کاردەکاتو لەماوەی هەشــت خولەکو نیودا هەرشتێکی لەناودابێت ساردی دەکات.

# جگەرەی ئۆباما




لەکاتێکدا باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمەریکا دەیەوێت واز لەجگەرەکێشان بهێنێت، کەچی کۆمپانیایەکی دروستکەری جگەرە جۆرێکی نوێی لەجگەرە خستووەتە بازاڕەوە کە ناوی ئۆبامایە.
بــارەگای ئــەم کۆمپانیایــە لەنیکاراگوایەو جگەرەکان لەتوتنی کوبی دروســت دەکاتو تائێســتا بڕێکی زۆری لەو جــۆرە جگەرەیە دروست کردووە.
لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە وتوویەتی کە داواکارییەکی زۆر لەسەر جگەرەکە هەیە، دروســتکردنی ئەم جگەرەیەش لەکاتێکدایە کە ئۆباما بەڵێنی داوە لەناو کۆشکی سپیدا جگەرە نەکێشێتو پاش ئەوەش بەیەکجاری واز لەجگەرەکێشان دەهێنێت.

# لەرێی گۆگڵەوە دەدۆزرێیتەوە

کۆمپانیــای گــۆگڵ خزمەتگوزارییەکی نوێی بڵاوکــردەوە بۆ دۆزینەوەی شوێنی هاوڕێو کەسە نزیکەکانت لەرێی مۆبایلەوە.
بەپێــی ئەم خزمەتگوزارییــە نوێیە هەر تۆڕێکی مۆبایل بەســترابێتەوە بەتۆڕەکانــی ئینتەرنێتەوە، خاوەنی مۆبایلەکە دەتوانێت بەشــداری ئەو خزمەتگوزارییە بکاتو شــوێنی خۆی لەســەر نەخشــە نیشانی هاوڕێو کەسە نزیکەکانی بدات، هەرکاتێک ویستیشی دەتوانێت پاشەکشە بکاتو لەخزمەتگوزارییەکە بێتە دەرەوە.

# ئاوها خواردن پەیدا دەکرێت







لەکەشو هەوایەکی ئاوها بەستەڵەکو سارددا پەیداکردنی خواردن دەبێتە کارێکی زۆر زەحمــەت، بەڵام ئەم باڵندەیــە دەچێتــە قوڵایــی ئاوە بەســتەڵەکەکانەوە بۆ ئەوەی چەند ماسییەک راوبکات.
وێنەکان لەیەکێــک لەرووبارەکانی وڵاتی ئەڵمانیاوە گیراونو باڵندەکە چەنــد جارێــک هەوڵــی داوە تا ماسییەکانی راوکردووە.